# شاندێکی رزگاری سەردانی بەڕێز کاک مومتاز حەیدەری دەکات



کاتژمێر ١١ی رۆژی ١٢-٨-٢٠١٠ هەڤاڵ ریکار ئەحمەد بەیاوەری مامۆستا محەمەد بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن سەردانی نووسینگەی گۆڤاری k21ی کرد و لەلایەن بەڕێز کاک مومتاز حەیدەری سەرنووسەری گۆڤارەکەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا شاندی رزگاری بەبۆنەی کردنەوەی نووسینگەی گۆڤارەکە پیرۆزباییان لێکردن و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن.

جێی ئاماژەیە کە k21 گۆڤارێکی دەوڵەمەندە، بە هەوڵ و تێکۆشانی خودی کاک مومتاز بڵاودەبێتەوە.

# کورد دەیەوێ بەرپرسانی سوریا پەلکێشی دادگەی ئەوڕوپا بکرێن

چالاکوانانی کوردی رۆژئاوای کوردستان کە لە وڵاتانی ئەوڕوپادا نیشتەجێن، دەیانەوێ سکاڵا لەسەر ئەو بەرپرسانەی حکومەتی سوریا تۆمار بکەن کە دەستیان لە ئازارو کوشتنی کوردان دا هەبووە. بەتایبەتیش ئەو ئەفسەرانەی ئاسایش کە زۆر دڕندانە رەفتاریان لەگەڵ گیراوەکاندا کردوە.

بۆ ئەو مەبەستە زانیاری کۆدەکەنەوەو سەریان لە دادگەی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوڕوپا داوە.

چالاکوانانی کورد پەروەندەیەکی یاساییان سەبارەت بە ئازارو ئەشکەنجەدان و کوشتنی لاوانی کورد ئامادە کردوە، کە بە فەرمانی ئەفسەرانی حکومەتی سوریا دژ بە کورد ئەنجام دراون.

لەناو پەروەندەکەدا ئاماژە کراوە کە بەرپرسانی باڵای سوریا لە کاتی راپەڕینی ١٢ی ئازاری ٢٠٠٤ فەرمانی تەقەکردنیان داوە، بەوهۆیەوە چەند کەسی سڤیل کوژراون و بریندار کراون، هەروەها سەدان کەسی دیکەش راپێچی زیندان کراون و لەوێ ئازارو ئەشکەنجەدراون.

چالاکوانانی کورد لەنێو پەروەندەکەدا ناوی محەمەد مەنسور بەرپرسی بەڕێوەبەرێتی سەربازی قامیشلۆیان هێناوە کە ماوەی و بیست ساڵە بەرپرسەو بە شێوەیەکی دڕندانە رەفتار لەگەڵ کوردان دەکات و فەرمانی ئازارو ئەشکەنجەدانیان دەدات.

چالاکوانانی کورد بۆیە سکاڵای خۆیان لە دژی بەرپرسانی سوریا تۆمار دەکەن، چونکە هەندێک لەو بەرپرسانە ساڵانە سەردانی وڵاتانی ئەوڕوپا دەکەن، یان موڵک وماڵیان لە وڵاتانی ئەوڕوپادا هەیە.

چالاکوانانی کورد ئاشکرایان کردوە کە ژمارەیەک چالاکوانی بواری مافی مرۆڤی ئەوڕوپا پشتیوانی لەو سکاڵایە دەکەن، هەروەها ژمارەیەک رێکخراویش ئامادەیی خۆیان پێشانداوە تا پشتیوانی بکەن و هاوسۆزی لەگەڵ چالاکوانانی کورد پێشان بدەن.

جێی ئاماژەیە کە ژمارەیەکی زۆر کوردی رۆژئاوای کوردستان توانیویانە مافی نیشتەجێبوون لە وڵاتانی ئەوڕوپادا وەربگرن، بەتایبەتیش لەوڵاتی ئەڵمانیاو نەمسادا.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز دکتۆر سەعید مەلا ئەندامی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە هێشتا وەکو پێویست کار بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە، چونکە پێویستی بە بەڵگەو دیکۆمێنتی زیاتر هەیە، هەروەها دەبێ یەکگرتوانە کاری بۆ بکرێ، هەوڵبدرێ پشتیوانی زیاتر بۆ دۆسیەکە پەیدا بکرێ.

# یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دوو لەت دەبێ

ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان لە رگەیاندراوێکدا دابڕانی خۆیان لە لەیەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئاشکرا دەکەن.

رێکخەری دەستەی ئامادەکاری سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستانله راگەیاندراوەکەیاندا نووسیویانە: لەرابردوودا رێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەئاست داخوازییەکانی مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان دا نەبووە، بۆیە ئێمە لەمێژە لەهەوڵی دروستکردنی ئەم سەندیکایەداین، دواجار مۆڵەتی فەرمییمان لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم وەرگرتووەو ئێستا سەرقاڵی خۆئامادەکردنین بۆ کۆنگرەیەکی تایبەت بەمامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان.

جیابوونەوەی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان و وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ سەندیکایێکی دیکە، خۆی لەخۆیدا لەتبوون و هاوێربوون دروست دەکات.

لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە: دەستەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، سەرجەم مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە (ئەوانەی هەڵگری نازناوی زانستیین) کە سەرەتای مانگی داهاتوو دوا وادەی وەرگرتنی ئەندامە لەسەندیکا، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکا کە بڕیارە لە مانگی ئەیلولدا ببەسترێ.

لەو بارەیەوە دکتۆر وشیار عەلی رێکخەری دەستەی باڵای ئامادەکاری سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان لەلێدوانێکدا ئاشکرای کردوە کە لە داهاتوویێکی نزیکدا بەیەکجاری لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان جیا دەبینەوە.

وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگەکان پێچەوانەی هەوڵەکانی حکومەتە بۆ یەکخستنەوەی رێکخراوەکان. لە ماوەی رابردودا بۆ یەکخستنەوەی مافپەروەران و یەکێتیی زانایانی ئایینی کاری شێلگیرانە کرا، بەڵام ئێستا حکومەت خۆی کاری لەتبوون دەکات.

# لە مەهاباد و سەقز چالاکوانانی ئەنجومەنی ئەدەبی دەستگیردەکرێن

بەگوێرەی زانیاریەکان عەلی ناسری، خەڵکی شاری مەهاباد و دانیشتووی گەڕەکی تەپپەی قازی ئەو شارە، کە ماوەی چەندین ساڵە لە ئەنجوومەنی ئەدەبی دا چالاکی هەبووە، وەک لاوێکی خاوەن قەڵەم ناسراوە، دوای ئەوەی کە لە ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو بانگهێشتی بەڕێوەبەرێتی ئاسایش کراوە، گوایە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و ئازار هاتووەتەوە، دواتر ڕێگەی هاتنە دەر و گەڕانەوە بۆ ماڵی پێنەدراوە. ناوبراو نەخۆشی دڵی هەیە و ئێستاکە لە ژوورەکانی تاکەکەسی دا ڕاگیراوە. بنەماڵەکەی بە هۆی ئەو نەخۆشییەو نەگەیشتنی دەرمانەکانی بە عەلی ناسری، هاوکات بە هۆی هێرش و هەڕەشەکانی بەڕێوەبەرێتی ئاسایش، لە سەر ئەو بڕوایەن کە ڕۆڵەکەیان لە ڕەوشێکی خراپی جەستەیی دا بێت و نیگەرانی ڕەوشی ئەون. تا ئامادەکردنی هەواڵەکە هۆکاری گرتنی عەلی ناسری بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە.

جێی ئاماژەیە گرتنی ئەو ئەندامەی کۆڕی ئەدەبی شاری مەهاباد لە کاتێکدایە کە پێشتریش چەندین ئەندامی ئەم کۆڕە لە وێنەی دڵشاد و شێرزاد ئەمینی هەڕەشەیان لەسەر بووەو بە ناچارییەوە بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵگرتبوو، هاوکات لە حەفتەکانی ڕابرڕدوودا چەندین ئەندامی کۆڕی ئەدەبی شاری سەقزیش بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە دەستگیرکرابون کە تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

هەر لە حەفتەی رابردوودا چەند وڵاتییێکی شاری سەقز بە ناوەکانی: 'لوقمان ئەحمەدیان، دیاکۆ ستاری، ئەمیر جەلالیان، ئەمیر ئەمانیان و قادر شیری، لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ئەم شارەوە دەستبەسەر کراون.

بە گوێرەی زانیاریەکان چوار کەس لە دەستبەسەرکراوەکان بۆ بەندیخانەی ناوەندیی سەقز گوێزراونەتەوە و "قادر شیری"ش بۆ بەندیخانەی شاری سنە رەوانە کراوە.

# بێئاوی و بێ کارەبایی خێوەتگەی ئاوارەکانی قەندیل هەڵدەتەکێنێ

بەهۆی تۆپبارانکردنی گوندو ئاواییەکانی بناری قەندیل، نزیکەی ٦٢٠ خێزان لە خێوەتگەیەکدا گیرسابوونەوە و رێکخراوی یۆنیسێف خێوەتی بۆ دابین کردبوون، هەروەها دواتر رێزدار بەرهەم ئەحمەد سالح سەردانی کردبوون و موەلیدەی کارەبای بۆ دابین کربوودن و بڕیاریشی دا کە هەفتانە دوو رۆژ بە تانکەر ئاویان بۆ بچێ، بەڵام ئێستا بەهۆی بێ ئاوی و نەبوونی کارەباوە خەڵکەکە خێوەتگەکەیان چۆل کردوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ژمارەیەک لەو خێزانە ئاوارانە کەسی مووچەخۆریان هەیە، بۆیە توانیویانە لە شارۆچگەی رانیەو چوارقوڕنە خانوی کرێ بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڵام خەڵکە هەژارەکەی دیکە یان ناچارە لە بێ ئاوی و بێ کارەباییدا بژی، یان ئەوەتا بە ناچاریەوە رووی لە ماڵی خزم و ناسیوان کردوە.

جێی ئاماژەیە کە ماوەی چەند مانگێکە تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئیران بە بیانۆی هەبوونی بارەگەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بە بیانۆی هەبوونی بنکەو بارەگەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بناری قەندیل، رۆژانە گوندو ئاواییەکان تۆپباران دەکەن، بەوهۆیەوە زیانی گیانی و ماڵی زۆر بە دانیشتووانی ئەو دەڤەرە گەیشتووە، هەروەها زیانی زۆر بە بەروبوومی کوشتوکاڵی خەڵکی دەڤەرەکە کەوتوە، بەوهۆیەوە زۆربەیان بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان روویان لە رانیە کردبوو، هەروەها یونیسێف خێوەتگەی بۆ دابین کردبون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لایەنی پەیوەندیدار وەکو پێویست بە هانایانەوە نەچوە، بە ناچارییەوە خێوەتگەکەیان چۆل کردوەو روویان لە ماڵی خزم و ناسیاوانیان کردوە.

هۆکاری بێ ئاوی و بێ کارەبایی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە هەفتەیەک زیاترە کە گازی موەلیدەی کارەبا تەواو بووەو بۆیان نەکڕاوەتەوە، هەروەها تانکەرەکانیش بەهۆی ئەوەی کە کرێیان پێنەدراوە ئاویان بۆ نابەن.

دانیشتووانی گوندەکانی بناری قەندیل ساڵانە چەندین جار ئاوارە دەبن، ناچار دەبن کە ماڵ و گوندی خۆیان جێبهێڵن و روو لە شارەکان بکەن، بەڵام هەتا ییێستا هیچ چارەسەرێکی گونجاویان بۆ نەکراوە.ئەمجارەیان لە خێوەتگەی ئاوارەییدا جارێکی دیکە ئاوارە دەکرێنەوە.

# سەربازانی تورک تەرمی گەریلا شەهیدەکان دەسووتێنن

هەفتەی رابردوو پێنج گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان دوای ئەوەی لە شەڕێکدا لە قوبینی سەر بە باتمان گیانیان لەدەست داو شەهید بوون، لەلایەن سەربازانی تورکەوە تەرمەکانیان سووتێندرا.

بنەماڵەی ئەو پێنج گەریلا شەهیدە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی خۆشەویستانیان چوونە باتمان، بەڵام بەهۆی سووتاندنی لاشەکانەوە زۆر بە زەحمەت توانرا رۆڵەکانیان بناسنەوە.

سەبارەت بەو کارە دڕندانەیە بنەماڵەی شەهیدان محەمەد ئۆنکۆل و سێڤدین نێرگز تورەیی خۆیان پێشانداو سکاڵایان لە دادگە تۆمار کرد.

بۆ هاودەنگی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدەکان، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نیشتمانپەروەر چوونە ساردخانەی شاری باتمان تا تەرمی شەهیدەکان وەربگرنەوەو رادەستی بنەماڵەکانیان بکەنەوە، بەڵام کاتێک لاشەی ئەوانیان بە سووتێندراوی بینی زۆر نیگەران و داخبار بوون بۆیە ، بۆیە **ئایلا ئاکات ئاتا** پەرلەمانتاری باتمان و بەڕێوەبەرانی پارتی ئاشتی و دیموکراتیک لە شاری باتمان و ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نیشتمانپەروەر سەردانی دادگەیان کردو نارەزایی خۆیان پێشاندا.

جێی ئاماژەیە دوای ئەوەی کە تەرمی سێڤدین نێرگز و محەمەد ئۆنکۆل وەرگیرانەوە، جەماوەرێکی زۆر بەشداری لە رێورەسمی بە خاک سپاردنیان کردو بو دروشمی شەهیدان نامردن و بەرخۆدان سەردەکەوێ و کوردستان ئازاد دەبێ، تەرمی سێڤدین نێرگز لە شاری ئامەدو تەرمی محەمەد ئۆنکۆل لە ناوچەی لیجەی سەر بە ئامەد بە خاک سپێردران، بەڵام هێشتا تەرمی سێ گەریلا شەهیدەکەی دیکە وەرنەگیراونەتەوە، سارخانەی شاری باتمانیش مەرجی داناوە ئەگەر کەسێک داوای تەرمی یەکێک لە گەریلاکان بکات، ئەوان هەرسێ تەرمەکەی پێدەدەن، چونکە ئامادەنین چێتر لە ساردخانە رایان بگرن.

وەک زانراوە کە یەکێک لە گەریلا شەهیدەکان خەڵکی باشووری کوردستانە، بەڵام تا ئێستا بنەماڵەی نەیانتوانیوە تەرمەکەی وەربگرنەوەو بیهێننەوە باشووری کوردستان.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە سەربازانی تورک سوکایەتی بە تەرمی گەریلا شەهیدەکانەوە دەکەن، بەڵام مخابن هێشتا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوەنەتەوەیی هەڵوێستی پێشان نەداوەو ریسوای نەکردووە.